# ژینگەی فێرکردن لە پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکان لە سەنتەری شاری هەولێر (لێکۆڵینەوەیەکی بەراووردکارییە)

ID No. 514
(PP 77 - 93)
https://doi.org/10.21271/zjhs.27.2.5

**هەلز عەنتەر وەلی**
بە شی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی،
زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر
Halliz.walle@su.edu.krd

**سەروین یونس عوسمان**
بە شی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی،
زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر
sarween.othman@su.edu.krd

**وەگـــــــرتن : 2022/08/17**
**پەسندکردن : 2022/09/26**
**بڵاوکردنەوە : 2023/04/17**

**پوختە**

ئامانجی  توێژینەوە زانینی جیاوازی ژینگەی فێرکردن لە پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە نێوان قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکان لە سەنتەری شاری هەولێر ، توێژەر ڕێبازی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە بۆ توێژینەوەکەی ، وە کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتیە لە قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکان لە لە سەنتەری شاری هەولێر بۆساڵی خوێندنی (2022-2021)، چاووگە نموونەی ڕەسەن بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بریتیە لە (200) قوتابی لە قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکان، (100) قوتابی لە قوتابخانەحکومییەکان و (100) قوتابی لە قوتابخانە ناحکومییەکان . بۆ بە دەستهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە پێویستمان بە پێوەری ژینگەی فێرکردن بوو کە ژمارەی برگەکانی پێکهاتووە لە (45) برگە ، دابەشکراوە بەسەر (3) ڕەهەند ئەوانیش ( ژینگەی دە روونی،  ژینگەی کۆمەڵایەتی ، ژینگەی فیزیکی ) ، دوای کۆکردنەوەی داتاکان و شیکردنەوەیان بەبەکارهێنانی بەرنامەی (SPSS)  ، توێژەر گەیشتە ئەنجامی ئە وەی کە وا جیاوازی بەهاداری ئاماری هەیە لە ئاستی (0،05) لە ژینگەی فێرکردن لە پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە نێوان قوتابخانە حکومی وناحکومیەکان لە سەنتەری شاری هەولێر ،جیاوازییەکە لە بەرژەوەندی ژینگەی فێرکردنی قوتابخانە ناحکومییەکانە.

لە كۆتایی تووێژینەوەكە وەلە ژێر رۆشنایی دەرئەنجامەكان تویژەر هەندیك راسپاردەو  پێشنیازی پێشكەش كرد:

1- پێویستە گرینگی بدرێت بە دابین کردنی پێداویستسەکان و هۆیەکانی فێرکردن وەك دابین کردنی ( هێڵی ئینتەرنێت ،داتاشۆ، نەخشە رِوونکەرەوەکان ، پەیکەرە مێژووییەکان ) لە قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکان .

2- پێویستە گرینگی بدرێت بە ژینگەی فێرکردن لە قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکان لەوانەش پێداویستسەکانی ناو قوتابخانە وەك یاریگاو تاقیگەو کتێبخانەی مۆدێرن ، دروست کردنی ناوچەی سەوزایی و دابین کردنی شوێنی حەوانەوەی قوتابیان لە قوتابخانە حکومییەکان.

**کلیلی ووشە :** ژینگەی فێرکردن ، قوتابخانە ، ژینگەی کۆمەڵایەتی ، بەراووردکاریی ، ژینگەی فیزیکی.

## 1- پێشەکی

### 1-1 ناساندنی توێژینەوە

فێرکردن کردارێکی هەرەوەزی نێوان مامۆستا و قوتابییە تیایدا مامۆستا هاوکاری قوتابی دەکات، ئەو هاوکارییە لە ئەنجامی ڕێککەوتنی پێشوەختەی نێوان هەردوولا دەبێت، بە جێبەجێنەکردنی بنەماکانی ئەو ڕێککەوتنە دەبێتە هۆی کەموکووڕی و ڕێگریکردن لە کرداری فێربوون، ئەو توێژینەوانەی لەم ساڵانەی دوایدا ئەنجامدراون هەوڵی دۆزینەوەی ئاستی جیاوازیان  لە ژینگەی فێرکردن داوە، چونکە ژینگەی فێرکردن بەیەکێك لە گرینگترین ڕەگەزە سەرەکییەکان دادەنرێت لە دیاریکردنی چالاکی و پروگرام و جۆری فێربوون و فێرکردن و ئاستی بەدەستهێنانی نمرە و دەستکەوتی قوتابی ، هەندێك لە توێژەران لەتوێژینەوەکەیاندا گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە پەیوەندیەکی ئەرێنی لە نێوان ژینگەی فێرکردن و ئەدای قوتابی و دەستکەوتی قوتابی دا هەیە تاوەکو ژینگەی فێرکردن باشتر بێت دەستکەوتی قوتابی زیاد دەبێت .(القرەغلی و نعمان .1980، لا12) ، ئەو ژینگەیەی کە پرۆسەکانی فێرکردنی تێدا ئەنجام دەدرێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێت لەسەر  هەڵسوکەوتی قوتابیان و دەبێتە هۆی ئەوەی چالاکی فێربوونیان تێدا پراکتیزە بکەن ، لە ژینگەی فێرکردن دا بەڵگەی گونجاو هەیە لەسەر بوونی

جیاوازی لە پرۆسەی فێرکردن ، ئەم جیاوازیانەش کاریگەرییان هەیە لەسەر زۆرێك لەتایبەتمەندییەکانی پرۆسەی فێربوون لای قوتابیان چونکە زۆرێك لە مامۆستایان هێشتا زانیارییەکان بەهەمان شێوە و لەیەك کاتدا بۆقوتابیان دابین دەکەن . (سعد،2006، لا 69). ژینگەی فێرکردن ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە بۆ پرۆسەی فێربوون لای توێژەرانی پەروەردەیی و مامۆستایان ، یارمەتیدەرە بۆزانینی تایبەتمەندییەکانی قوتابی و کارامەییە هزرییە جیاوازەکان لە هەڵوێستە فێرکارییەکان و ئەزموونەکانی قوتابیان.(قطامی , 1996 ,لا 214).

**2-1 کێشەی توێژینەوە**

پرۆسەی فێرکردن وەك پێویست نابێتە پرۆسەیەکی بەرهەمهێنەر و کارا و ئامانجە خوازراوەکانیشی بە ئاستی ویستراو بە دەستناهێنرێت ئەگەر قوتابی تەوەرەی سەرەکی پرۆسەکە نەبێت، هەرچەندە مامۆستا پشت ببەستێت بەو ڕێگایانەی کە قوتابی تیایدا بە گشتی بیسەر و وەرگرە، ڕەنگە ئەنجامی ئەم جۆرە فێرکردن و فێربوونە نەگاتە ئاستی ویستراو و ئامانجە خوازراوەکانیشی وەك پێویست دابین نەکرێت، ئەگەر هۆکارەکانی فێرکردن دابینکراو نەبێت و ئەگەر ژینگەیەکی فێرکردنی ئەرێنی و لەبار و کارای نەبێت. لە ڕۆژگاری ئەمرۆمان دا ژینگەی فێرکردن لە قوتابخانە بنەڕەتیەکان ڕووبەڕووی زۆرێك لەکێشەو گرفت بونە تەوە بەتایبەتی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی ، دیارترین هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم کێشانەش بریتین لە نەبوونی ژینگەیەکی فێرکردنی ئاسوودەو ئارام و پێشکەوتوو کە ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر ئاستی فێربوون و هەڵسوکەوتی قوتابیان ، هەروەها گرنگی نەدانە بە ڕەگەزەکانی ژینگەی فێرکردن و ڕەگەزە مادیەکان وەک ( نەبوونی یاریگا و گۆڕەپانی یاری و نەبوونی کتێبخانەی قوتابخانە و تاقیگە و شوێنی حەسانەوەی قوتابیان و نەبوونی ناوچەی سەوزایی لە قوتابخانە بنەڕەتیەکان و نەبوونی ساردکەروە و گەرم کەرەوەکان و ڕووناکەرەوەکان و بچوکی و قەبارەی پۆل و زۆری ژمارەی قوتابیان کە دەبێتە هۆی بوونی ناهاوسەنگی لە نێوانیان دا و نەبوونی هۆکارەکانی فێرکردن وەک ( داتاشۆ و وێنە ڕوونکەرەوەکان و هێلی ئینتەرنێت ئەمەش کاریگەربی دەبێت لەسەر چالاکیە فێرکاریەکان . کێشەی توێژینەوەکەش بریتیە لە وەلامداني ئەم پرسیارەي خوارەوە :

ئایا جیاوازي هەیە لە ژینگەي فیربوون لە نیوان قوتابیاني پۆلي هەشتەمي بنەرەتي قوتابخانە لە حکومیەکان و ناحکومیەکان لە سەنتەري شاري هەولێر ؟

**1- 3 گرنگی توێژینەوە**

گرینگیدان بە پێداویستیەکانی پەروەردەی هاوچەرخ و پەرەپێدانی ژینگەی فێرکردن بەیەکێك لە گرینگترین ئەو ڕەگەزانە دادەنرێت کە ئاراستە و کاریگەریان لەسەر کەسێتی و تاکی قوتابی هەیە، ئەو پێکهاتانە لە خۆدەگرن، کە بەشێکی جیانەکراوەن لە ستراتیژیەتەکانی فێرکردن، جیهان هەنگاوێکی بەرچاوی لە تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندیکردن بە خۆوە دەبینێت , ئەمەش وایکردووە بەرپرسانی هەردوو کرداری فێرکردن و فێربوون بانگەوازی پێویستی گرینگیدان و بایەخدانی زیاتر یان بەنایابی و جۆرێتی کرداری فێرکردن بکەن، دەستپێکی ئەوەش گرینگی دانە بە ژینگەی فێرکردن و کارکردنە لەسەر چاکترکردنییان . بۆیە دەبێت بایەخ بە نەخشە سازیکردنی ژینگەی فێرکردن بدرێت بەتایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە پێکهاتەو پێداویستیەکان وەکو (ڕووناکی ، پلەی گەرما ، نەخشە سازیکردنی کەلوپەلەکان ) ، پێوستە لێکۆڵینەوە بکرێت لە وورده کارییەکان و ئاستی یارمەتیدان و ژینگەی قوتابیان لەبەرچاو بگیرێت لەبەخشین و پێدانی زانیاری ئەزموونی فێرکردن و کارامەییە هونەریەکان و خۆشکردنی کەشی فێربوون کە هزرو مێشکی قوتابیان بەو لاو بەولاپەرشو بڵاو نەکات وەکو هەراو دەنگە دەنگ لەناو یان دەرەوەی ژینگەی فێرکردنەوە دێتە ئاراوە (الکنانی ،2007، لا414 -491 ) . گرینگە ژینگەیەکی فێرکردن لەنێو پۆلی وانەوتنەوەدا دروست بکرێت کەقوتابیان هەست بەگرینگی زانست و بەکارهێنانی بکەن بۆ گۆڕینی ژینگەی دەوروبەری خۆیان بۆ ئەوەی مانایەکی هەبێت بۆیان ، هەروەها پێویستە ستراتیژییەکانی وانەوتنەوە و شێوازەکانی کارلەژینگەی فێرکردن بکەن بۆ ئەوەی قوتابیان بەرەو زانست و گرینگی پێدانی زانیاری ببەن .(Niaz, 1995, 67-68 )

**4-1 ئامانجی توێژینەوە**

زانینی جیاوازی ژینگەی فێرکردن لە پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە نێوان قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکان لە سەنتەری شاری هەولێر .

**5-1 گریمانەی توێژینەوە**

تێگەیشتن لە جیاوازیە ئامارییەکان لە ژینگەی فێرکردن لە پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە نێوان قوتابخانە حکومی و ناحکومیەکان لە سەنتەری شاری هەولێر

6-1 سنوری توێژینەوە :-

1- سنوری مرۆیی : قوتابیانی قۆناغی بنەڕەتی لە قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکان لە سەنتەری شاری هەولێر.

2-سنوری کات : توێژینەوەکە جێبەجێکرا بۆ ساڵی خوێندنی (2021- 2022)

3-سنوری شوێن : قوتابخانە حکومی و ناحکومیەکان لە سەنتەری شاری هەولێر .

**7-1 پێناسەی چەمکەکان:**

1- **ژینگەی فێرکردن :**

(**الکنانی، 2005**)

" بریتیە لە نەخشە دانان و ڕێکخستنی ئەو شوێنەی کە وەڵامی پێداویستی و داواکارییەکانی قوتابیان دەداتەوە ، بە جۆرێك کاربکاتە سەر ئەو کردارو چالاکیانەی کەلە هەڵوێستێکی فێرکاریدا ئەنجامی دەدەن و تیایدا ڕەچاوی میکانیزمی جەستەی مرۆڤ دەکەن و پێکهاتەکانی ژینگەی فێرکردن بریتین لە (کەل و پەلی ناو قوتابخانە ، ڕۆناکی و ڕۆشنایی ، ئاڵوگۆڕکێی هەوا ...هتد) " . (الکنانی ،2005، لا 7) .

(قطامی، 2007)

"چوارچێوەی دەروونی و کۆمەڵایەتی باوە لە ژوورو پۆلی خوێندن ، کە تیایدا کەسایەتی فێرخوازان بونیاد دەنرێت و فێردەکرێن و پەرە بە پەیوەندییەکۆمەڵایەتیەکانیان دەدرێت ، لە ئەنجامی کارلێکی سەرچاوەو دەرامەتە ماددی و مرۆییەکان و لەبەر ڕۆشنایی ئەو سیستەمانەی کە پەیوەستن بە کردارەکانی بەرزەفتکردن و ئەو ڕێسایانەی کە لە قوتابخانەدا پەیرەو دەکرێن .(قطامی ، 2007، لا 34).

توێژەر لە ڕووی تیۆریە وە وا پێناسەی ژینگەی فێرکردن دە کات :

بریتیە لە کۆمەڵێك فاکتەری ماددی و مرۆیی کە دەوری پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن دەدەن و ڕۆڵێکی گرینگی هەیە لە بەدەست هێنانی ئامانجەکانی فێرکردن لە پرۆگرام و مامۆستاو ڕێگاکانی وانەوتنەوە، ئامانجی سەرە کیشی بریتیە لە گەشە پێدانی بیرکردنەوەی قوتابیان لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن .

**2**- چوار چێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو

**2**-1 ژینگەی فێرکردن:-

**2**-1-1 چەمکی ژینگەی فێرکردن:-

چەمکی ژینگەی فێرکردن پێگەیەکی گرینگی لەو لێکۆڵینەوە پەروەردەییانە هەیە ، لەم چەمکە ئەوە ڕووندەبێتەوە کە ژینگەی فێرکردن سەرجەم شوێنو هەڵوێستو مەحەکەکانی ئەزموونیش دەگرێتەوە کە دەکرێ قوتابی لێیانەوە فێربێتو زانیاری،و کارامەییەکانی، یاخود توانستو بەها بەئامانجکراوەکانی لێیانەوە بەدەست بهێنێت، لێرەدا چەمکی ژینگەی فێرکردن فراوانتر دەبێتو ناو قوتابخانە و ناو پۆلی خوێندن و تاقیگەو کتێبخانەی قوتابخانە و ژووری هۆکارەکانی فێرکردن و شانۆی قوتابخانە و ڕۆژنامەگەریی قوتابخانە و کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی چالاکیی قوتابخانە دەگرێتەوە، هەروەها چەمکی ژینگەی فێرکردن پەلدەهاوێژێت بۆ دەرەوەی قوتابخانە و کورسیەکانی دانیشتنی فێربوون و سەردانە مەیدانییەکان دەگرێتەوە. (راشد، 2006: لا15-17**).** هەروەها (فهمی ،2010) ژینگەی فێرکردنی بەوە پێناسەی کردووە دەڵێت " کۆمەڵە هەلومەرجو هۆکارێکی دەرەکیی ماددیو مرۆییە کە دەوراندەوری کرداری فێرکردنی قوتابی دەدەنو کار دەکەنە سەر خێراییو کارایی کردارەکانی فێربوون لای قوتابی ، تێکرای ئەو ڕەگەزانە دەگرێتەوە کە قوتابخانە بۆ چاودێریکردنی قوتابیان ڕەچاویان دەکاتو شوێنی گونجاو سازو و ئامادەکراو بۆ هەموو ئامێرو ئامرازو پێداویستییەکو تەکنیکێکی نوێو پرۆگرامی دەوڵەمەندو ڕێکخستنی خشتەی وانەکانو مامۆستا و پسپۆڕی تایبەتمەندەکان کە توانای بەکارهێنانی ڕێگەی وانەوتنەوەی پێشکەوتوویان هەیە بەپێی کارامەییەکانی بیرکردنەوە بۆیان دابین دەکات. (فهمی، 2010، لا 13). هەروەها (العاجز والبنا ،2009) پێیانوایە ژینگەی فێرکردن ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

- کەشی قوتابخانەیی: بریتییە لە تایبەتمەندیی ژینگەیی گشتی لە ناو تەلاری قوتابخانەیەکی دیاریکراو، بۆیە بە چوارچێوەیەکی گشتیو هەمەلایەنەی هەموو پەیوەندیو کارلێکەکان دادەنرێت لە ناو قوتابخانەو نێوان هەموو کارمەندان تیایدا سەرجەم توانا مادیو مرۆییەکانیش فەراهەمو دابین دەکات.
- ژینگەی قوتابخانە: رەگو کرۆکی کەشی قوتابخانەیەو کۆمەڵە کردارێك خۆیان دەخزێننە ناو پێکهاتەکەیەوە، بە تایبەتی ئەو کردارانەی لە ناو پۆلی خوێندنو قوتابخانە بە گشتی روودەدەن.
- ژینگەی ناوپۆل: ئاماژە بەو کارلێکانە دەکات کە لە ناو ژوورەکانی پۆلی خوێندن لە نێوان مامۆستاو قوتابیو نێوان خودی قوتابیانیش روودەدەن.(العاجز و البنا،2009،لا 39).

2-1-2 پێکهاتەکانی ژینگەی فێرکردن :

**2**-1-2-1ژینگەی کۆمەڵایەتی :

ژینگەی کۆمەڵایەتی دەربڕی وەڵامدانەوەی زارەکیی قوتابیە دەربارەی کۆی هەستو پەیبردنو درکپێکردنەکانی بۆ تایبەتمەندیی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیو ویژدانییەکان، کە لە نێوان ئەندامانی پۆلو ئەو شێوازانەدا روو دەدات کە مامۆستا لە رێکخستنو بەرزەفتکردنی پۆلو هێنانەدیی ئامانجە فێرکارییەکانی دەیانگرێتەبەرو بەکاریان دەهێنێت، دەکرێت لە میانی پێوانەکردنی دەربڕینە زارەکییەکانی قوتابی دەربارەی ئاستی هەستکردنیان بە هۆگربوونو ڕاهاتن لە ناو پۆلو ئاستی پێشوازیکردنیان لە سیستەمو ئەو شێوازانەی کە مامۆستا بۆ هێنانەدیی ئامانجە فێرکارییەکان دەیانگرێتەبەر لەگەڵ بوونی مامەڵەکردنی ئەرێنی لە ناو پۆلو دابینکردنی چالاکیی فێرکاریی باشو سەرنجڕاکێش کە ئارەزووی قوتابیان بوروژێنێت". (العاجز والبنا، 2009: 42)

**2**-1-2-2 ژینگەی فیزیکی :

(السعود 2010) ئاماژەی بە ژینگەی فیزیکی کردووە لە میانی رووبەرەکەی لە ناوە وە و دەرەوەی پۆل دەستنیشان دەکرێت، هەروەها دابینکردنی سەرجەم بنەما پێویستەکان تاکو قوتابی دەرفەتی کارلێکی لەگەڵ هاوپۆلەکانیدا هەبێت، ئەمەش دەرفەتی جوولەی ئامانجداریان  لە ناو چالاکییە جیاوازەکانی ناو پۆلو دەرەوەیدا دەڕەخسێنێت، سەرباری هەموو رەگەزە مادییە بەردەستەکان لە رووناکیی سرووشتی لە رێگەی دەرگاو پەنجەرەکانو رووناککردنەوەی کارەباییو گەرمیو ساردیو هەواگۆڕکێو کەلوپەلی گونجاو بۆ دەستە تەمەنییەکان. (السعود، 2010: 122). ژینگەی فیزیکی ئاماژە بە تایبەتمەندی ژووری پۆل دەکات و بریتییە لە تێکەڵەیەک لە شتە جیاوازەکان، ڕوناکی، پلەی گەرما، سیستەمی هەواداان، قەبارەی ژوور، زەوی، دیوار، مێز، کورسی، فەرش، وایتبۆرد، کۆمپیوتەر و هتد (سولەیمان و حوسێن، 2014: 72).

2-1-2-3 ژینگەی دەروونی :

ژینگەی دەروونی دەرخستنی هەستەکانو رێزگرتنو بایەخدان بە قوتابییەکان دەگرێتەوە لە لایەن مامۆستاوە، هەروەها دۆزینەوەی کەشێك کە دڵنیاییو متمانە لەخۆبگرێتو دوور بێت لە هەڕەشەو تۆقاندنو زاڵبوون، سەرباری ئەوەی پێویستە کەشێکی پڕ لە سۆزو خۆشەویستیو وابەستەبوونی تێدا دابین بکرێت. هەر مامۆستایە کە ئەرکو بەرپرسیارێتییەکان دەستنیشان دەکاتو بڕیار لەسەر رێنماییەکانیش دەدات، هەر خۆیشی نێردراوو گەێنراوی زانیارییەکانو دەستنیشانکەری ئاستو جۆری کارلێكو بەشداریکردنی ناوپۆلە .(عربیات ،2007،لا110-112).

**3-1-2 ئامانجەکانی ژینگەی فێرکردن:**

لێکۆڵینەوەکان لە دەستنیشانکردنی ئامانجەکانی ژینگەی فێرکردن جیاوازییان هەیە، ژینگـــەی فێرکردن کار لە سەر هێنانەدیی ئاوێتەکردنی ئەکادیمی دەکات لە رێگەی سەرنجڕاکێشانی قوتابیان لەگەڵ جیاوازییەکانیشیان. دەکرێ وردەکاریی وگرنگترینو بایەخدارترین ئامانجەکانی ژینگەی فێرکردن لەمانەی خوارەوەدا پوخت بکەینەوە:

1-فراوانکردنو پەرەپێدانی بەردەوام و چاکترکردنـــــی ژینگەی فێرکردن لە میانی باشترکردنو نـــایابکردنی کردارە فێرکارییەکان. (الرواحی، 2010، لا63-65)

2- ئاوێتەکردنی ئەکادیمی بێ جیاوازی بە یەکێك لە گرنگترین ئامانجەکانی ژینگەی فێرکردن دادەنرێت، چونکە ژینگەی فێرکردن کار لە سەر هێنانەدیی ئاوێتەکردنی ئەکادیمیو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیری دەکات.

3- سەرنجڕاکێشانی قوتابیانو پارێزگاریکردنیان، ئەمەش وا لە قوتابی دەکات کەمتر تووشی نەهاتن بۆ قوتابخانەو خۆدزینەوە ببێت.

4- هێنانی ئەو مامۆستایانەی کە خاوەن تواناو لێهاتوون ، چونکە ئەوان گرنگترین کۆڵەگەو ستوونەکانن لەپرۆسەی فێرکردن

5- پێشکەشکردنی پشتگیری بۆ هاندانی دەستکەوتی ئەکادیمیی قوتابیان. (عطا،2020،لا56)

6-پرۆگرامـەکان بایەخی گەورە بە چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل بدەن، وەکو سەردانیکردنی یانە زانستییەکانو مۆزەخانەو دامەزراوەکانی توێژینەوەی زانستیو مەڵبەندەکانی بەرهەمهێنان.

7-یارمەتیدانی قوتابی لە سەر شارەزابوونی زیاتر لە ڕێگەی فێربوونی هەرەوەزیو نوێکاریو دۆزینەوەکاری.

8-پشتبەستن بە تەکنیکەکانی فێرکردنی هاوچەرخ، وەکو بنەمایەك لە فێرکردن نەك وەکو ئیوەندگیریەك بۆدابینکردنی شێوە جیاوازەکانی گەیشتن بە زانیارییەکان بە ئاسانترین ڕێگەو بە کەمترین تێچوو. (بهجت، 2018، لا329-370).

2-2 توێژینەوەکانی پێشوو:-

**1-**لێکۆڵینەوەی( الخلیفه ،2009):-

ناونیشانی توێژینەوە :- پەیوەندیی نێوان ژینگەی قوتابخانەیی بە هەموو لایەنەکانی بەدەستکەوتی خوێندن لە قوتابخانەکانی قۆناغی بنەڕەتی لە ناوچەی (المتمە) لەووڵاتی سودان.

ئامانجی لێکۆڵینەوە :- زانینی پەیوەندیی نێوان ژینگەی قوتابخانەییە بە هەموو لایەنەکانی بەدەستهێنانی خوێندن لە قوتابخانەکانی قۆناغی بنەڕەتی لە ناوچەی (المتمە)، هەروەها ناسینو زانینی واقعی ژینگەی قوتابخانەیی لەو قوتابخانانەدا.

چاووگەنمونەی توێژینەوە :- پێکاتووە لە مامۆستایانی ئافرەت و پیاو و بەڕێوەبەری قوتابخانەکان لەقۆناغی بنەڕەتی لەناوچەی المتمە کەژمارەی مامۆستایانی ئافرەت و پیاو بریتیە لە (1024) مامۆستا ،

ڕێبازی توێژینەوە:- توێژەر لە توێژینەوەکەیدا ڕێبازی وەسفیی شیکاریی بەکارهێناوە .

ئامرازی توێژینەوە :- توێژەرپشتی بەست بە ڕاپرسیو چاوپێکەوتنو تێبینیکردن لەگەڵ ژمارەیەك مامۆستاو بەڕێوەبەر ،

دەرەنجامی توێژینەوە:-

1.تەلارو کەلوپەلو پێداویستییەکانی قوتابخانە لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی ناوچەی (المتمە) هێشتا تەواو نەکراونو لە رووی پێداویستییەکانو بەپێی مەرجە پەروەردەییەکان سازو ئامادە نەکراون.

2.چالاکییە قوتابخانەکان لەمر قوتابخانانەدا ئەنجام نادرێن و لەو قوتابخانانەدا ژمارەی مامۆستایان کەمن

3.گۆڕەپانو یاریگای پێویستو تەواو بۆ ئەنجامدانی چالاکییە قوتابخانەییەکان نییە.

2- (لێکۆڵینەوەی (دلول ،2019)

ناونیشان:- جۆرێتیی ژینگەی قوتابخانەییو ئاستی ئەنجامدانی کاری ئەکادیمی لای قوتابیانی قۆناغی دواناوەندی لە پارێزگاکانی باشووری فەلەستین لە روانگەی قوتابیان.

ئامانجی لێکۆڵینەوە: ناسینو زانینی ئاستی نایابیو جۆرێتیی ژینگەی قوتابخانەییو ئاستی ئەنجامدانی کاری ئەکادیمی لای قوتابیانی قۆناغی دواناوەندی لە پارێزگاکانی باشووری فەلەستین لە روانگەی قوتابیان.

ڕێبازی تویژینەوەو :توێژەر ڕێبازی وەسفیی شیکاری بەکارهێنا بۆتوێژینەوەکەی

ئامرازی توێژینەوە:- توێژەر دوو جۆرە فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێناوە، یەکەم ڕاپرسییان بۆ پێوانەکردنی: نایابیو جۆرێتیی ژینگەی قوتابخانەیی. ڕاپرسیی دووەمیش بۆ پێوانەکردنی: دەستکەوتو ئەنجامدانی ئەکادیمی.

کۆمەڵگەی توێژینەوە :-بریتیە لە قوتابیانی قۆناغی ناوەندی هەردوو بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوای غەززە بۆ ساڵی خوێندن (2018-2019ز) کە ژمارەیان (37415) قوتابیی کوڕو کچ بوو پێکدەهاتو چاوگەنموونەی لێکۆڵینەوەکەش (396) قوتابیی کوڕو کچ بوو بە ڕێژەی 1.09% لە کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوەکە.

لێکۆڵینەوەکە گەیشتە چەندین ئەنجامو گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوە بوون:

1-ئاستی نایابیو جۆرێتیی ژینگەی قوتابخانەیی لە قوتابخانە دواناوەندییەکانی پارێزگاکانی باشووری فەلەستین لە رووانگەی قوتابیانەوە نمرەی مامناوەند بەدەستهاتو کێشێکی ڕێژەیی بەدەستهات کە بڕەکەی (66.2%) بوو.

2.بوونی پەیوەندیی مامناوەندیی ئەرێنیی بەڵگەداری ئاماریی نێوان مامناوەندییەکانی مەزەندەی تاکەکانی چاوگەنموونەی لێکۆڵینەوەکە لە ئاستی نایابیو جۆرێتیی ژینگەی قوتابخانەییو مامناوەندییەکانی مەزەندەکردنی تاکەکانی چاوگەنموونەی لێکۆڵینەوەکە لە ئاستی بەدەستهێنانی دەستکەوتی ئەکادیمی لای قوتابیانی قۆناغی دواناوەندی لە پارێزگاکانی باشووری فەلەستین لە رووانگەی بیروبۆچوونەکانیانەوە.

3- لێکۆڵینەوەی (کیمارۆ،2020):

ناونیشانی لێکۆڵینەوە: ڕۆڵی ژینگەی فێرکردن لەسەر دەستکەوتی ئەکادیمی قوتابییانی دواناوەندی لە قوتابخانە حکومیەکان لە شاری (شنیانگا مونسیپا ) لە وڵاتی تەنزانیا بۆساڵی خوێندنی (2020).

ئامانجی لێکۆڵینەوە: بریتییە لە دەرخستنی ڕۆڵی ژینگەی فێرکردن لەسەر دەستکەوتی ئەکادیمی قوتابییانی دواناوەندی لە قوتابخانە حکومییەکان لە (شنیانگا مونسیپا ) لە وڵاتی تەنزانیا بۆ ساڵی خوێندنی (2020).

چاووگە نموونەی لێکۆڵینەوە: بریتییە لە (51) بەشداربوو (21) کەس لەبەشداربووەکان بریتین لە مامۆستای دواناوەندی لە قوتابخانە حکومیەکان (5) کەس لەبەشداربووەکان بریتین لە بەڕێوەبەری قوتابخانەکان و (25)کەس لە بەشداربووەکان بریتین لە قوتابیانی دواناوەندی .

ڕێبازی لێکۆڵینەوە: توێژەر ڕێبازی وەسفی بۆ توێژینەوەکەی بەکارهێناوە.

ئامرازی لێکۆڵینەوە: ئەو ئامرازانەی توێژەر بۆتوێژینەوەکەی بە مەبەستی کۆکردنەوەی داتا بەکاریهێناوە، بریتین لە (فۆڕمی ڕاپرسی، چاودێری کردن،چاوپێکەوتن) .

ئەنجامی لێکۆڵینەوە: توێژەر لە ئەنجامی توێژینەوەکەیدا بۆی دەرکەوتووە کەوا زۆربەی قوتابخانەکان ژمارەی پۆلەکانیان بەرامبەر بە ژمارەی قوتابییەکان کەمن لەگەڵ ئەوەش قەبارەی پۆلەکانیان بچوکن و پڕن لە قوتابییان و بەشی ژمارەی قوتابییان ناکات، هەروەها سەرچاوە و کتێب و ئامرازی فێرکردن و وانەگوتنەوەیان کەمە، هەندێك لە قوتابخانەکان لەشوێنی نیشتە جێبوونی قوتابییان دوورن، هەروەها هەندێك لە قوتابخانەکان لایەنی فیزیکیان دواکەوتووە یەکێك لەو لایەنە بریتیبوو لە نەبوونی کارەبا و نەبوونی ئاوی پاك بۆ خواردنەوە و نەبوونی خواردنی تەندروست لە قوتابخانەکان، هەروەها مامۆستاکانیشیان ئاستی ئەکادیمیان زۆر بەرزنەبوو و هەروەها پارەی پێویست بۆ نۆژەنکردنەوەی بینای قوتابخانەکان تەرخان نەکرابوو.

1-2-2 سوودەکانی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو:

توێژەر سوودی زۆری لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوو وەرگرت لە:

1-پوختەکردنی ئاریشە و دارشتنی گریمانەکان.

2 - بەراورد و هاوسەنگیکردنی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو بە یەکتر.

3- دیاریکردنی گرفتی توێژینەوە بەردەست و بایەخەکەی .

4- زانین و هەڵبژاردنی شێواز و هۆکارەکانی ئاماری گونجاو بۆچارەسەرکردنی داتاکان و ڕێکاری توێژینەوەی بەردەست و ئەنجامەکەی.

5-سوود وەرگرتنی توێژەر لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوو بۆ ئامادەکردنی ئامرازەکانی توێژینەوە و جێبەجێکردنی .

6- شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی ئەنجامەکانی توێژینەوەی بەردەست .

7- زانینی شێوازی ئاماری گونجاو بۆ چارەسەرکردنی داتاکان .

8- هەڵبژاردنی ئامرازی ئاماری گونجاو بۆ ڕێکاری توێژینەوەی بەردەست و ئەنجامەکانی.

3- ڕێکارییەکانی توێژینەوە:-

**1-3 ڕێبازی توێژینەوە :-**

بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوە توێژەر ڕێبازی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە بۆتوێژینەوەکەی بەهۆی گونجاوی لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکە .

**3**-2 کۆمەڵگەی توێژینەوە:-

کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتیە لە قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی بنەڕەتی لە قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکان لەسەنتەری شاری هەولێر بۆساڵی خوێندنی (2021-2022) ، توێژەر هەستا بەوەرگرتنی (11) قوتابخانە لە قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکان لەسەنتەری شاری هەولێر، ژمارەی قوتابخانە حکومییەکان بریتیە لە (7) قوتابخانە وە ژمارەی قوتابخانە ناحکومییەکان بریتیە لە (4) قوتابخانە ، کە کۆی گشتی ژمارەی قوتابیانی بریتیە لە (822) قوتابی ، (175) قوتابی لەڕەگەزی کوڕ و (441) قوتابی لەڕەگەزی کچ کە کۆی گشتیان دەکاتە (616) قوتابی لە قوتابخانەحکومییەکان ، ( 133 ) قوتابی لەڕەگەزی کوڕ و ( 73 ) قوتابی لەڕەگەزی کچ کە کۆی گشتیان دەکاتە ( 206 ) قوتابی لە قوتابخانە ناحکومیەکان ، وەك لە خشتەی خوارە وە ئاماژە پێکراوە:

خشتەی ژمارە (1) خستنەڕووی دابەشکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوە لە قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکان

| کۆمەڵگەی توێژینەوە | | | | |
|---|---|---|---|---|
| قوتابخانە | ژمارەی قوتابخانە | ڕەگەز<br>نێر | <br>مێ | کۆی گشتی قوتابییان |
| حکومی | 8 | (175) | (471) | (646) قوتابی |
| ناحکومی | 4 | (133) | ( 73) | (206 ) قوتابی |
| کۆی گشتی ژمارەی قوتابییان لە قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکان = (852) قوتابی | | | | |
| کۆی گشتی ژمارەی قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکان = (12) | | | | |

3-3 چاووگە نموونەی توێژینەوە:

دەتوانین چاووگەنمونەی توێژینەوە دابەش بکەین بۆسەر دوو نموونە :

1-3-3 **چاووگە نموونەی قوتابخانە -:**

چاووگە نموونەی توێژینەوەبریتیە لە قوتابخانە بنەڕەتیەکان (حکومی و ناحکومییەکان) لەسەنتەری شاری هەولێر بۆساڵی خوێندنی (2022-20201)، (قوتابخانە حکومیە کانبریتین لە کاروانی بنەڕەتی کوڕان، زاگرۆسی بنەڕەتی کوڕان، بەیداغی بنەڕەتی کچان، دیاری بنەڕەتی کچان)،( قوتابخانە ناحکومییەکان بریتین لە کلێڤەری بنەڕەتی تێکەڵاو، لێزانی بنەڕەتی تێکەڵاو، ژیاری بنەڕەتی کوڕان، باڵای بنەڕەتی تێکەڵاو)، وەك لە خشتەی خوارە وە ئاماژە پێکراوە:-

**خشتەی ژمارە (2)**

**چاووگە نموونەی ڕەسەن لە قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکان**

| ژ | قوتابخانە حکومییەکان | ژ | قوتابخانە ناحکومییەکان |
|---|---|---|---|
| 1- | کاروانی بنەڕەتی کوڕان | 1- | کلێڤەری بنەڕەتی تێکەڵاو |
| 2- | زاگرۆسی بنەڕەتی کوڕان | 2- | لێزانی بنەڕەتی تێکەڵاو |
| 3- | بەیداغی بنەڕەتی کچان | 3- | ژیاری بنەڕەتی کوڕان |
| 4- | دیاری بنەڕەتی کچان | 4- | باڵای بنەڕەتی تێکەڵاو |

**خشتەی ژمارە (3)**

**چاووگە نموونەی تاقیکردنەوەی پەیپێبردن (أستطلاعی) لە قوتابخانە حکومییەکان**

| ژ | قوتابخانە حکومییەکان |
|---|---|
| 1- | سەرکەشی بنەڕەتی کچان |
| 2- | زناری بنەڕەتی کوڕان |
| 3- | نیگای بنەڕەتی کچان |
| 4- | بروسکی بنەڕەتی کچان |

2-3-3 چاوگە نموونەی قوتابیان:

توێژەر هەستا بە دەست نیشانکردنی چاووگە نموونەی قوتابیان لە پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بۆتوێژینەوەکەی کە پێکهاتووە لە (350) قوتابی لە قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکان لە لەسەنتەری شاری هەولێر ، بۆئەم مەبەستەش (125) قوتابی لەڕەگەزی کوڕو(125) قوتابی لە ڕەگەزی کچ لەقوتابخانە حکومییەکان و (50) قوتابی لەڕەگەزی کوڕو (50) قوتابی لە رەگەزی کچ لە قوتابخانە ناحکومییەکان، وەژمارەی چاووگەنموونەی ڕەسەن بریتیەلە (200) قوتابی لەقوتابخانە حکومی و ناحکومیەکان کەوا (100) قوتابی لەقوتابخانە حکومییەکان کە (50)قوتابی بریتیەلە ڕەگەزی کوڕو (50) قوتابی بریتیە لە ڕەگەزی کچ و (100) قوتابی لە قوتابخانە ناحکومییەکان کە (50) قوتابی بریتیەلە ڕەگەزی کوڕ وە (50)قوتابی بریتیە لە ڕەگەزی کچ کەتەمەنیان لەنێوان (14تا 15) ساڵ دیاریکرد لەڕێککەوتی (15-3-2022) ، وەك لە خشتەی خوارە وە ئاماژە پێکراوە:-

**خشتەی ژمارە (4 ) خستنە ڕووی دابەشکردنی چاووگە نموونەی توێژینەوە و ڕێژەی سەدی چاووگە نموونە**

| چاووگە نموونە | چاووگە نمونەی تاقیکردنەوەی پەیپێبرد (أستطلاعي) | | چاووگە نموونەی تاقیکردنەوەی ڕەسەن | |
|---|---|---|---|---|
| | پێوەری ژینگەی فێرکردن | | | |
| ڕەگەز | نێر | مێ | نێر | مێ |
| ژمارە | 75 | 75 | (100) (50)حکومی (50) ناحکومی | (100) (50)حکومی (50) ناحکومی |
| کۆی گشتی | 150 | | 200 | |
| ڕێژەی سەدی | 42.5 % چاووگە نموونەی توێژینەوە | | | |

**4-3 ئامرازی توێژینەوە :-**

بۆ ناسین و زانینی جیاوازی ژینگەی فێرکردن لە پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە نێوان قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکان لە سەنتەری شاری هەولێر ، توێژەر پێوەری ڕاپرسی بەکارهێنا وەك ئامرازی توێژینەوە ، بۆئەم مەبەستەش توێژەر پێوەری ژینگەی فێرکردنی بەکارهێنا بۆتوێژینەوەکەی هەستا بەوەرگرتنی پێوەری (سیابێلا 2019) و پێوەری (الساعدی 2017) چونکە گونجاوە لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکەی ، برگەکانی پێوەرەکە بەشێوەیەکی سەرەتایی بریتیە لە (45)برگە و پێوەرەکە دابەش کراوە بەسە رسێ ڕەهەند ئەوانیش بریتین لە (ژینگەی فسیۆلۆژی پێکهاتووە لە 12 برگە ) (ژینگەی کۆمەڵایەتی پێکهاتووە لە 14 برگە ) (ژینگەی فیزیکی پێکهاتووە لە 19 برگە ) ، هەربڕگەیەکیش (5)هەلبژاردەی هەیە وەك (بەردەوام ، زۆرجار، هەندێکجار، بەدەگمەن ، هەرگیز). وەك لە پاشکۆی ژمارە ( 1) ئاماژەی پێکراوە .

**5-3 ڕاستگۆی پێوەری ژینگەی فێرکردن :-**

**1-5-3 ڕاستگۆیی ڕوکەشی:-**

لە پێناو دڵنیابوون لە راستگۆیی پێوەرەکە خرایە بەردەستی کۆمەڵە شارەزاو پسپۆڕێك لە ڕێگەکانی وانەگوتنەوەو دەروونزانیو پێوانەو هەڵسەنگاندن ،بە ئامانجی زانینی راوبۆچوونیان لە شاویی برگەکانی پێوەرەکە ژماریەك برگەشی هەموارکرایەوەو دووبارە داڕێژرایەوە، بەم جۆرە ڕاستگۆیی پێوەرەکە هاتەدی بە رێککەوتنی زیاتر لە (90%) لە لایەن دادوەرانەوە،وەك لە پاشکۆی ژمارە ( 2) ئاماژەی پێکراوە .

**2-5-3 هێزی جیاکەرەوەی برگەکانی ژینگەی فێرکردن:-**

توێژەر هەستا بەوەرگرتنی (150)قوتابی ، (75)قوتابی لەڕەگەزی کوڕلە قوتابخانەی (زناری بنەڕەتی کوڕان) و (75) قوتابی لەڕەگەزی کچ لە قوتابخانەی (سەرکەشی بنەڕەتی کچان ) لەڕێککەوتی (22-2-2022) بۆساڵی خوێندنی (2021-2022) دوابەدوای دابەشکردنی پێوەرەکە بەسەر قوتابیان و کۆکردنەوەی پێوەرەکان لەکاتی دیاریکراو دواتر توێژەر هەستا بەهەڵەچنینی وەڵامی برگەکانی پێوەرەکە و داخل کردنی داتاکان لەبەرنامەی (SPSS) دواتر هەستا بەریزبەندی کردنی نمرەی هەموو قوتابیەکان لەزۆرەوە بۆکەم ،(27%)ی ئەو قوتابیانەی کە نمرەی بەرزیان بەدەست هێناوە کەدەکاتە (41)قوتابی ،بەهەمان شێوە(27%) ئەو قوتابیانەی کە نمرەی نزمیان بەدەست هیناوە کەدەکاتە (41)قوتابی وەرگرت ،پاشان لەڕێگای بەکارهێنانی پرۆگرامی(SPSS) وبەبەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (تائی)بۆدوونموونەی سەربەخۆ ئەم ئەنجامانەی خوارەوە دەرچوو لەخشتەی ژمارە(3)ئاماژەپێکراوە .

**خشتەی ژمارە ( 5) دەرهێنانی هێزی جیاکەرەوە بۆنموونەی پەیپێبردن (أستطلاعي) لەڕێگای تاقیکردنەوەی تائی بۆدوونموونەی سەربەخۆ**

| گروپ | N | ناوەندە ژمێریاری | ولادانی پێوانەیی | t-test | بەهای ئەگەری | ئاستی کاریگەری(0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بەرز %27 | 41 | 4.507 | 0.125 | 22.199 | 0.000** | جیاوازیەکی بەهاداری ئاماریان هەیە |
| نزم %27 | 41 | 3.743 | 0.181 | | | |

لەم خشتەیەی سەرەوە بۆمان دەرکەوتووە کە ناوەندە ژمێریاری ئەو قوتابیانەی کە نمرەی بەرزیان بە دەست هێناوە بریتیە لە (4.507) ولادانی پێوانەیی بریتیە لە (0.125)، لەبەرامبەردا ناوەندە ژمێریاری ئەو قوتابیانەی کە نمرەی نزمیان بەدەست هێناوە بریتیە لە (3.743) و لادانی پێوانەیی بریتیە لە (0.181) ، وە بەئەنجامدانی تاقیکردنەوەی تائی (t-test)بۆدوونمونەی سەربەخۆ کە بەهاکەی یەکسانە بە (22.199) بەبەهای ئەگەری (0.000) کە بەراوورد دەکرێ لەگەڵ ئاستی کاریگەری کەئەمیش بچووکترە لە ئاستی کاریگەری (0.05) ، ئەویش ئەوە دەسەلمێنێت کە هێزی هەموو بڕگەکانی پێوەری ژینگەی فێرکردن پەسندن وبەهێزن و بەهاداری ئاماریان هەیە.

بەمەبەستی زیاتر دڵنیابوون لە هێزی جیاکەرەوەی بڕگەکانی پێوەری ژینگەی فێرکردن توێژەر هەستا بەدەرهێنای هێزی جیاکەرەوە بۆ هەر بڕگەیەك لەبڕگەکانی پێوەرەکە، پاش دەرهێنای هاوکۆڵکەی جیاکەرەوە بۆ بڕگەکانی پێوەرەکە، بەپێی ئەو ئەنجامەی دەرکەوتووە، کەوا بەهێزترین بڕگەی پێوەرەکە بریتییە لە (0.632)، بێهێزترین بڕگەی پێوەرەکە بریتییە لە (0.269) ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کەوا هەموو بڕگەکانی پێوەری ژینگەی فێرکردن بە هێزن و بەهاداری ئاماریان هەیە، وەك لە پاشکۆی ژمارە (3) ئاماژەی پێکراوە.

3-5-3 جێگیری پێوەری ژینگەی فێرکردن:-

توێژەر هەستا بەدەرهێنانی جێگیری بۆ پێوەری ژینگەی فێرکردن ئەویش لەڕێگای بەکارهێنانی هاوکۆلکەی ألفاکرونباخ بەبەکارهێنانی ئەو داتایانەی کەلەچاووگە نموونەی پەیپێبردن(أستطلاعی) بەدەستی هێنابوو کە بریتی بوو لە (150) قوتابی لە قوتابخانە حکومییەکان ، وەك لە خشتەی خوارە وە ئاماژە پێکراوە:-

**خشتەی ژمارە (6) جێگیری نموونەی پەیپێبردن(أستطلاعی) بۆپێوەری ژینگەی فێرکردن**

| ژمارەی بڕگەکان | ژمارەی چاوگە نموونە | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | ألفا کرونباخ |
|---|---|---|---|---|
| 45 | 150 | 4.144 | 0.314 | 0.82 |

لەم خشتەیەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کەوا ژمارەی بڕگەکانی پێوەری ژینگەی فێرکردن بریتیە لە (45) بڕگە و ژمارەی چاووگە نموونەی پەیپێبردن (استطلاعی)بۆپێوەرەکە بریتیە لە (150) قوتابی ، وە بەئەنجامدانی هاوکۆڵکەی جێگیری (ألفاکرونباخ) ناوەندی ژمێریاری بریتیە لە (4.144) و لادانی پێوانەیی بریتیە لە (0.314) لەبەرامبەردا نرخی ألفاکرونباخ بریتیە لە (0.82) ئەمیش ئەوە دەسەلمێنێت کەوا بڕگەکانی پێوەری ژینگەی فێرکردن جێگیریەکی بەهێزیان هەیە.

6-3 ئامرازە ئامارییەکانی توێژینەوە:

توێژەر لە توێژینەوەکەی بەرنامەی ئاماری پێشەکەوتوو بەکارهێناوە کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

**1- ناوەندی ژمێریاری:**

بۆدۆزینەوەی ناوەندی ژمێریاری پێوەری ژینگەی فێرکردن و پێوەری دەستکەوتی قوتابییان لە توێژینەوەکە بەکارهێنراوە.

$$\bar{x} = \frac{\sum x}{n}$$

(العانی و الغرابی،1982 ،لا32)

**2-لادانی پێوانەیی:**

بۆ دۆزینەوەی لادانی پێوانەیی پێوەری ژینگەی فێرکردن و پێوەری دەستکەوتی قوتابییان لە توێژینەوەکە بەکارهێنراوە.

$$s = \sqrt{\frac{\sum (x - \bar{x})^2}{n - 1}}$$

(العانی و الغرابی،1982،لا 60)

**3- تاقیکردنەوەی (T.test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ**:

بۆ دەرهێنانی هێزی جیاکەرەوەی پێوەری ژینگەی فێرکردن و بۆ بەراوردکردن لە نێوان ژینگەی فێرکردن لە قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکان بەکارهێنراوە.

$$t = \frac{(\bar{x}_1 - \bar{x}_2) - (\mu_1 - \mu_2)}{s_p \sqrt{\frac{1}{n_1} + \frac{1}{n_2}}}$$

(عبدالحسین ،2013 ،لا1058)

4-هاوکێشەی ئەلفا کرونباخ: (a: Alpha Cronbach)

بۆ هەژمارکردنی هاوکۆلکەی جێگیری پێوەری ژینگەی فێرکردن جێگیری پێوەری دەستکەوتی قوتابییان لە توێژینەوەکەدا هاوکێشەی ئەلفا کرونباخ بەکارهێنراوە.

$$\alpha = \frac{K}{K-1}\left[1 - \frac{\sum S_i^2}{S_T^2}\right]$$

(علام ، 2007،لا 229)

4- خستنە ڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەو تاوتوێکردنیان

1-4خستنەڕووی ئەنجامەکانی تایبەت بە گریمانە و شیکردنەوەو گفتوگۆکردنیان :-

تێگەیشتن لە جیاوازیە ئامارییەکان لە ژینگەی فێرکردن لە پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە نێوان قوتابخانە حکومی و ناحکومیەکان لە سەنتەری شاری هەولێر.

بۆسەلماندنی دروستی ئەم گریمانەیە، وە بەمەبەستی بەراوردکردن لەنێوان ژینگەی فێرکردن لە قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکان توێژەر هەستا بە بەکارهێنانی (Indpendent Sample t.test )واتە تاقیکردنەوەی تائی بۆدوونموونەی سەربەخۆ .

**خشتە ( 7) خستنە ڕووی ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی (t.test ) بۆبەراوورد کردن لەنێوان ژینگەی فێرکردن لە قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکان**

| | قوتابخانە | N | ناوەندی ژمێریاری | لادانی ێوانەیی | t-test | بەهای ئەگەری | ئاستی کاریگەری(0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژینگەی فێرکردن | حکومی | 100 | 4.22 | 0.299 | 7.12 | 0.000* | بە هاداری ئاماری هە یە |
| | ناحکومی | 100 | 4.50 | 0.244 | | | |

بەپێی ئەو ئەنجامەی کەلە خشتەی ژمارە ( 4 ) دەرکەوتووە و وەلەئەنجامی ئەو بەراوورد کردنەی کە توێژەر هەستا بە ئەنجامدانی لەسەر (200) قوتابی لە قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکان ، (100)قوتابی لە قوتابخانە حکومیەکان و (100) قوتابی لە قوتابخانە ناحکومییەکان دەرکەوت کەوا ناوەندە ژمێریاری قوتابیان لە قوتابخانە حکومییەکان بریتە لە (4.22) بە لادانی پێوانەیی (0.299) و ە لە بەرامبەردا ناوەندە ژمێریاری قوتابیان لە قوتابخانەناحکومییەکان بریتیە لە (4.50) وە بەلادانی پێوانەیی (0.244) ، وە بەئەنجامدانی تاقیکردنەوەی (Indpendent Sample t.test ) واتە تاقیکردنەوەی تائی بۆدوونموونەی سەربەخۆکەبەهاکەی بریتیەلە (7.12) بەبەهای ئەگەری (0.000) کەبەراوورد دەکرێ لەگەڵ ئاستی کایگەری (0.05) دەرکەوتووە کەوا ئاستی کاریگەری (0.000)

بچوکترە لەئاستی کاریگەری (0.05) ئەمەش بەڵگەی ئەوە دەسەلمێنێت کەوا جیاوازییەکی بەهاداری ئاماری هەیە لە نێوان ژینگەی فێرکردن لە قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکان ، لە پێداچوونەوەی دووناوەندە ژمێریاری جیاواز دەرکەوت کە جیاوازییەکە لە بەرژەوەندی ژینگەی فێرکردنی قوتابخانە ناحکومییەکانە بەمەش گریمانەی (سفر) ی ڕەت دەکرێتەوە و گریمانەی جێگرەوە پەسند دەکرێت.

***تاوتوێکردنی ئەنجامی گریمانەی یەکەمی پەیوەست بە جیاوازی ژینگەی فێرکردن لەنێوان قوتابخانە بنەڕەتیەکان (حکومی و ناحکومییەکان ) :-**

لەمیانەی ئەو دەرەنجامەی کەلەخشتەی ژمارە ( 4 ) دادەرکەوتووە کەوا جیاوازی هەیە لەنێوان ژینگەی فێرکردن لە قوتابخانە بنەڕەتیەکان (حکومی و ناحکومییەکان ) دا هۆکاری ئەو جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆئەم هۆکارانەی خوارەوە:-

هۆکاری جیاوازی ژینگەی فێرکردن لەقوتابخانە ناحکومییەکان دەگەڕێتەوە بۆ بۆدەستەبەرکردنی ژینگەی فێرکردنی لەبار و شیاو لە قوتابخانە ناحکومییەکان ، یەکێ لەگرینگترین ڕەگەزەکانی ژینگەی فێرکردن بریتیە لە دابین کردنی ڕەگەزە مادديیە کان لە قوتابخانە ناحکومییەکان ، (عطیە ،2009) لەو بیرو باوەڕە دایە کەوا ژینگەی ماددی ئەو پێکهاتانە دەگرێتەوە وەك (تەلاری قوتابخانە و گۆڕەپان و یاریگاو هۆڵی چالاکی و کەل و پەل و ئامرازی ناو پۆل و ڕووبەری پۆل و شێوازی دروست کردنی قوتابخانەکان و کتێبخانەو ڕووناککەرەوە و گەرمکەرەوەی ناو پۆل دەگرێتەوە. (عطیە ،2009، لا 94-97)

هۆکارێکی بوونی جیاوازی لە قوتابخانە ناحکومییەکان دەگەڕێتەوە بۆ تەلاری قوتابخانەکان لەڕووی شێوازی دروست کردنیان و هەروەها لەڕووی شوێنیانەوە گونجاون و دوورن لە ژاوە ژاوو دەنگە دەنگ و سەرباری گونجاوی دوورو نزیکی قوتابخانە ناحکومییەکان لەگەڵ شوێنی نیشتە جێبوونی قوتابیان ، هەروەها سەبارەت بەڕەگەزەمادديیەکانی ناو قوتابخانە لە قوتابخانە ناحکومییەکان کەوا یاریگاو باخچەوسەوزایی و هۆڵی چالاکی و کتێبخانە دابین کراوە وە لەڕووی شێوەو قەبارەیان گونجاون لەگەڵ قوتابیان ، هەروەها ڕووناککەرەوەکان و گەرمکەرەوەکان گونجاون لەگەڵ گوتەوەی وانەکان لەناو پۆلدا ، شێوازی دانانی کورسیەکان لەگەڵ دانیشتنی قوتابیان بەشێوازێکی ڕێکخراوە و قەبارەی پۆلەکان و ڕووبەری پۆلەکانی خوێندن گونجاون لەگەڵ ژمارەی قوتابیان ، هەروەها لە قوتابخانە ناحکومییەکان توێژەری کۆمەڵایەتی بەهاوکاری لەگەڵ کارگێری قوتابخانە وەك مامۆستایان زیاتر گرینگی بەلایەنی فسیۆلۆژی قوتابیان دەدەن هەمیشە هەوڵدەدەن لەکێشەکانی قوتابیان بگەن، گرینگی بە لایەنی جەستەیی و مەعریفی وعەقڵی و دەروونی قوتابیان دەدەن .

هەرچی دەربارەی ژینگەی فێرکردنە لە قوتابخانە حکومییەکان هۆکاری جیاوازیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی گرفت لە ژینگەی فێرکردن لە قوتابخانە حکومییەکان ، (أبوحجیلە ،2019) هاوڕایە لەگەڵ ئەوەی کە گرفتی ژینگەی فێرکردن وەك نەبوونی ژینگەیەکی ئاسودەو ئارامە یاخود نەبوونی ژینگەیەکی لەبارو ڕێکخراوە لەقوتابخانە حکومیەکان کە ئەمەش دەبێتە هەڕەشە لەسەر دەرفەتی فێرکردنی تاکەکەسی قوتابیان .(أبوحجیلە،2019،لا25-27) . جیاوازی ژینگەی فێرکردن لەقوتابخانە حکومییەکان دەگەڕێتەوە بۆنەگونجاوی لایەنەکانی ژینگەی فێرکردن لەگەڵ قوتابیان ، بەتایبەتی ژینگەی فیزیکی ناو قوتابخانەو ناوپۆل کەئەویش تەلاری قوتابخانەو ئامرازەکانی ناو پۆل و گوڕەپانی یاریگا و باخچەو سەوزایی و تاقیگەو کتێبخانە دەگرێتەوە ، واتە نەبوونی یاریگاو سەوزایی و شوێنی حەسانەوەی قوتابیان لەکاتی پشووی وانە نەبوونی کتێبخانەو تاقیگەی خوێندن ، هەروەها نەگونجاوی روناککەرەوەکانی ناوپۆل هەروەها گەرمر کەرەوەکان وفێنك کەرەوەکان و زۆری ژمارەی قوتابیان بەرامبەر بەبچوکی قەبارەی پۆل هۆکارێکی تری دەگەڕێتەوە بۆشوێنی قوتابخانەکان ، زۆربەی قوتابخانە حکومییەکان کەوتوونەتە ناو گەڕەکە قەرەباڵغەکان و بەجۆرێك هەندێك لە قوتابخانە حکومیەکان کەوتوونەتە شوێنی جەنجال و پڕلە دەنگ و ژاوە ژاو بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ژینگەیەکە نادروست وپڕلەکەم و کورتی بەجۆرێك کاریگەری دەبێت لەسەر بەدێهێنانی ئامانجەکانی قوتابیان ، ئەمانە هەمووی بەگرفت و فاکتەری سەرەکی دادەنرێن لەجیاوازی ژینگەی فێرکردن لە قوتابخانە حکومییەکان لەگەڵ قوتابخانە ناحکومییەکان ، لەلایەکی ترەوە گرینگی نەدان بە ژینگەی فسیۆلۆژی و کۆمەڵایەتی قوتابیان لە قوتابخانە حکومییەکان بەگرفتێکی تری ژینگەی فیرکردن دادەنرێت ، (الإبراشی ،1992) هەمان ڕای هەیەکە ژینگەی فسیۆلۆژی و کۆمەڵایەتی ئەو ژینگەیەیە کەقوتابیان تێدا پەروەردە دەکرێن و کاریگەرییەکی یەکجار زۆریان هەیە لەسەر ڕەوتی ژیانی قوتابیان و هەڵسوکەوت و داب و نە ریتیان کەئەمەش جێگەی بایەخە بۆگەشەسەندنی قوتابیان لە ڕووی مەعریفی و جەستەی وهەڵچوونیەوە . (الإبراشی ،1992،لا 25-27) .

**5- ئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیار:**

1-5 ئەنجام:

ئەنجامەکان سەلماندیان کەوا جیاوازی بەهاداری ئاماری هەیە لە نێوان ژینگەی فێرکردن لە پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە نێوان قوتابخانە حکومی و ناحکومیەکان لە سەنتەری شاری هەولێر ، جیاوازییەکە لە بەرژەوەندی ژینگەی فێرکردنی قوتابخانە ناحکومییەکانە.

2-5ڕاسپاردە :

1- پێویستە گرینگی بدرێت بە دابین کردنی پێداویستسەکان و هۆیەکانی فێرکردن وەك دابین کردنی ( هێڵی ئینتەرنێت ،داتاشۆ، نەخشە ڕوونکەرەوەکان ، پەیکەرە مێژووییەکان ) لە قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکان .

2- پێویستە گرینگی بدرێت بە ژینگەی فێرکردن لە قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکان لەوانەش پێداویستسەکانی ناو قوتابخانە وەك یاریگاو تاقیگەو کتێبخانەی مۆدێرن و دروست کردنی ناوچەی سەوزایی و دابین کردنی شوێنی حەوانەوەی قوتابیان لە قوتابخانە حکومییەکان.

3- دابینکردنی توانای ماددی بە مەبەستی گرنگیدان بە لایەنی فیزیکی قوتابخانە، لەوانە گرنگیدان بە پێکهاتەکانی پۆل و قەبارەی پۆلی خوێندن و ڕووناککەرەوەکان و گەرمکەرەوەکانی ناو پۆل لە قوتابخانە حکومییەکان .

4- پێویستە گرنگی بدرێت بە شێوازەکانی فێرکردنی قوتابیان لەلایەن مامۆستایانی بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی فێربوون و دەستکەوتی زانیاری لە قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکان.

**3.5 پێشنیار:**

1- ئەنجامدانی توێژینەوەیەك هاوشێوەی توێژینەوەی بەردەست لەسەر راستی ژینگەی فێرکردن لەقۆناغێکی خوێندنی ترو وە بەجیاوازی کردن لەنێوان ڕەگەزی نێرو مێ لە قوتابخانە حکومییەکان یان لە قوتابخانە ناحکومییەکان.

2- ئەنجامدانی توێژینەوەیەك هاوشێوەی توێژینەوەی بەردەست بەبەکارهێنانی (ڕێبازی وسفی شیکاری ) لەسەر جیاوازی ژینگەی فێرکردن لە قوتابخانە بنەڕەتیەکان ( ناو شارو دەوروبەر) ی پارێزگای هەولێر.

2- ئەنجامدانی توێژینەوەیەك هاوشێوەی توێژینەوەی بەردەست لەسەر پەیوەندی ژینگەی فێرکردن بەشێوازەکانی فێرکردنی قوتابییان لە ڕوانگەی مامۆستایان لە قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکان.

**سه رچاوه کان**

- **سه رچاوەی عەرەبی:**

1-بهجت ،صفاء محي الدين (2018) . المتطلبات التربوية لتحقيق بيئة مدرسية جاذبة بمدارس الحلقة الثانية من التعليم الآساسي في ضوء متطلبات المدرسة الجاذبة ، مجلة كلية التربية ،جامعة بنها ، مجلد29 ، العدد(113)، مصر.

2-الإبراشي ، محمد عطية(1992).روح التربية والتعليم ، دارالفكرالعربي ،القاهرة ،مصر.

3-أبو حجيلة، مهندرضوان رشيد (2019).مشكلات البيئة التعليمية التي تواجه معلمي الصفوف الثلاثة الآولى في تدريس مادة العلوم في محافظة المفرق ،رسالة ماجستير (المنشور)، جامعة آلبيت ،كلية العلوم التربوية ،المفرق،الآردن .

4-الخليفة ،مدثر أحمد عثمان (2009) البيئة المدرسية وعلاقتها بالتحصيل الدراسي لطلاب مرحلة الآساسي بمحلية المتمة ، رسالة ماجستير (منشور) ،كلية الدراسات العليا ، جامعة شندي، سودان .

5-دلول ، نادية داهش محمد(2019) .جودة البيئة المدرسية وعلاقتها بمستوى الإنجاز الأكاديمي لدى طلبة المرحلة الثانوية في محافظات فلسطين الجنوبية،رسالة ماجستير (منشور) ،كلية التربية ،جامعة الاسلامية ،غزة ،فلسطين .

6-راشد ،علي (2006) .اثراء بيئة التعلم ، ط1، دار الفكر العربي ،القاهرة ،مصر.

7-الرواحي ، محمد بن سليمان بن ناصر (2010) .مدارسنا :هل يمكن أن تكون جاذبة ؟ ،مجلة التطوير التربوي، المركز العربي للبحوث التربوية لدول الخليج ،مجلد 9، العدد (57)

8-سعد، مرادعلي عيسى (2006).الضعف في القراءة وأساليب التعلم (النظرية _البحوث - والتدريبات والأختبارات )،ط1، دار الوفاء الدنيا الطباعة والنشر،الإسكندرية،مصر.

9-السعود ،خالد محمد (2010) . المعايير الفنية الخاصة تصميم رياضي الآطفال ،ط1، مكتبة المجتمع العربي للنشر والتوزيع عمان ، الآردن .

10-عربيات ،بشيرمحمد(2007).إدارة الصفوف و تنظيم بيئة التعلم ،ط1، دارالثقافة للنشر والتوزيع، عمان ،الأردن.

11-العاجز ، فؤاد ، البنا ،محمد (2009) .الآداة الصفية بين النظرية والتطبيق ، ط4 ، دارالمقداد للطباعة ، غزة ،فلسطين .

12- العاني ،صبري رديف ،الغرابي، سليم إسماعيل (1982).الطرق الآحصائية ،وزارة التعليم العالي والبحث العلمي ، العراق.

13- عبدالحسين ، رشا (2013). أثر أستراتيجية تعليم الآقران في تحصيل المفاهيم الفيزيائية لدى طالبات الصف الثاني المتوسط ، مجلة أبحاث ميسان ، المجلد9 ،العدد 18، جامعة ميسان ، العراق.

14- عطا ، حسنين على يونس (2020).معايير البيئة التعليمية الجاذبة وواقعها ببرامج الدمج للصم وضعاف السمع بمدينة الطائف من وجهة نظر المعلمين مجلة التربية الخاصة، جامعة طائف ، مجلد التاسع،العدد (30)، السعودية.

15- علام ، صلاح الدين محمود (2007) . القياس والتقويم التربوي في العملية التدريسية ،الطبعة الاولى ،دارالمسيرة للنشر والتوزيع والطباعة ،عمان ،الاردن .

16- فهمي ،عاطف (2010) .تنظيم بيئة تعلم الطفل ، ط1 ، دار المسيرة للنشر والتوزيع ،عمان ، الآردن .

17-القرةغلي، سهام شوكة ، نعمان ،ليلى عبدالرزاق (1980) . رغبات الطلبة في الآنتماء الى كلية التربية وفرعها ومدى علاقتها بالمستوى التحصيلي ،مجلة الاستاذ،المجلد الآول ،العدد الثالث ،جامعة بغداد ،كلية التربية ،بغداد ،العراق.

18- قطامي ،يوسف ونايفة (1996) .أثر المتغير الجنس –والصف- ودرجة داخلية الظبط في درجة الدافعية المعرفية للتعلم عند الطلبة المتفوقين دراسيا في منظمة الآغوار الوسطى ،مجلة كلية التربية ،جامعة الآمارات السنة العاشرة،العدد (12) .

19- قطامي ،يوسف (2007) .برنامج تهيئة البيئة التربوية للمعلم (البيئة آمينة ) ، داردیبونو للنشر والتوزیع ، عمان ،الآردن .

20-الكناني ، ماجد (2005) .بيئة تعليمية متعددة الآغراض لتدريس مادة التربية الفنية في مدارس المرحلة الثانوية ، مجلة كلية التربية الآساسية ، مجلد 11، العدد (52) .

21- الكناني ،ماجد (2007) بيئة التعليمية متعددة الآغراض لتدريس مادة التربية الفنية في مدارس المرحلة الثانوية ،مجلة كلية التربية الآساس ،المجلد الثاني،العدد( 5) .

- **سه رچاوه ی بیانی:-**

1- Kimaro, E. D., 2020. The Role of Learning Environment on Student Academic Performance in Public Secondary Schools, Tanzania: Department of Planning, Policy and Administartion.
2- Niaz, M., 1995. Relationship between Student Performance on Conceptual and Computational Problems of Chemical Equilinrium. International Journal of Science Education
3- Suleman, Q. & Hussain, I., 2014. Effects of Classroom Physical Environment on the Achievement Scores of Secondary School Students in Kohat Division Pakistan. International Journal of Learning&Development, pp. 71-82.

## پاشکۆکان

**پاشکۆی ژمارە (1)**

**پێوەری ژینگەی فێرکردن**

**زانکۆی سەڵاحەددین- هەولێر**
**کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی**
**خوێندنی باڵا/ ماستەر**
**بەشی/ زانستە کۆمەڵایەتییەکان**
**ڕاپرسی**
**بۆچوونی پسپۆران و شارەزایان دەربارەی گونجاوی پێوەری ژینگەی فێرکردن**
**مامۆستای بەڕێز..........................**
**سڵاو و ڕێز..**

**توێژەر دەیەوێت توێژینەوەیەك بە ناونیشانی (پەیوەندی ژینگەی فێرکردن بە دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکان لە بابەتی مێژوودا) لە پەروەردەی ناوەند (هەولێر) وەکو بەشێك لە پێداویستییەکانی تەواوکردنی خوێندنی ماستەر ئەنجام بدات ، دوای سەرنجدان و خوێندنەوەی ژمارەیەك لێکۆڵینەوەی عەرەبی و ئینگلیزی لەوانەش (سیابێلا، 2019) ، (الساعدي، 2017)پێوەری ژینگەی فێرکردن ئامادە بکات ، بۆ ئەمەش پشت بە ڕەهەندە پێنجینەکانی لیکارت بەستراوە کە بریتین لە (بەردەوام، زۆرجار ، هەندێکجار ، بە دەگمەن ، هەرگیز) ، بۆ زانیاریش ژینگەی فێرکردن بەوە پێناسە دەکرێت کە بریتییە" کۆمەڵە هەلومەرجو هۆکارێکی دەرەکیی ماددیو مرۆییە کە دەوراندەوری کرداری فێربوونی قوتابی دەدەنو کار دەکەنە سەر خێراییو کارایی کردارەکانی فێربوون ، لەژێر ڕۆشنایی پسپۆڕی و شارەزاییتان داواکارین لەبەڕێزتان هاوکار بن لە دەستنیشانکردنی گونجاوی و نەگوجاوی بڕگەکان و سەرنج و تێبینیەکانتان.**

**لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێز و سوپاسمدا.**

**سەرپەرشتیار** — **توێژەر**
**پ.ی.د. هەلز عەنتەر وەلی** — **قوتابی ماستەر: سەروین یونس عوسمان**

**یەکەم: لایەنی ژینگەی سایکۆلۆژی**

| ژ | بڕگەکان | بەردەوام | زۆرجار | هەندێک جار | بەدەگمەن | هەرگیز |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | بەئاسانی دەتوانم گوێم لە مامۆستاکەم بێت . | | | | | |
| 2 | مامۆستا گرینگی بە هەستەکانم دەدات . | | | | | |
| 3 | بەئاسانی دەتوانم گوێم لەهاو پۆلەکانم بێت . | | | | | |
| 4 | شیکردنەوەو لێکدانەوە بو٘بابەتی مێژوو دەکەم وەك یارمەتیدەرێك بۆ تێگەیشتنم لە بابەتەکە . | | | | | |
| 5 | مامۆستا داوام لیدەکات لەکاتی بەشداربوونم لە وانەی مێژوودا ، بابەتەکە بە نموونە بۆی بسەلێنم . | | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 6 | کنەو پشکنین دەکەم بۆوەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی ، کەلەکاتی گفتوگۆکردن لە پۆلدا دروست دەبێت . | | | | | |
| 7 | هەرچی لەتوانام دا هەیە ئەنجامی دەدەم بەمەبەستی گەشە پێدانی ئاستی زانستیم لەبابەتی مێژوودا . | | | | | |
| 8 | هەوڵ دەدەم لە ئامانجەکانی بابەتی مێژوو ودەستکەوتەکانی بگەم . | | | | | |
| 9 | بیرو هۆشم لای مامۆستاکەمە ، لە کاتی گووتنەوەی بابەتی مێژوو دا. | | | | | |
| 10 | هەوڵدەدەم لە هاورێکانیشم فێربم لەناو پۆلدا . | | | | | |
| 11 | مامۆستا لە کێشەکانم دەگات . | | | | | |
| 12 | مامۆستا ئامۆژگاریم لەڕووی پەروەردەییەوە دەکات بەمەبەستی بەرەو پێشچوونی ئاستی کەسایەتیم . | | | | | |

ددوەم: لایەنی ژینگەی کۆمەڵایەتی

| ژ | بڕگەکان | بەردەوام | زۆرجار | هەندێك جار | بەدەگمەن | هەرگیز |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | لەگەل هاورێکانم دەتوانم ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان بکە م لە بابەتی مێژوو لە ناو پۆلدا . | | | | | |
| 2 | مامۆستا وێنەو نەخشە بەکاردێنێت بۆ ڕوونکردنەوەی زانیارییەکان لە بابەتی مێژوو لە ناو پۆلدا . | | | | | |
| 3 | مامۆستا یارمەتیم دەدات کاتێك توشی کێشە دەبم لە تێگەیشتنی بابەتی مێژوو . | | | | | |
| 4 | مامۆستا گفتووگۆم لە گەڵدا دەکات . | | | | | |
| 5 | پرسیارەکانی مامۆستا یارمەتیدەرە بۆتێگەیشتنم لەبابەتی مێژوودا . | | | | | |
| 6 | لەکاتی گفتووگۆکردن لەسەر بابەتی مێژوودا ڕای خۆم دەردەبڕم لەناو پۆلدا . | | | | | |
| 7 | مامۆستا گرینگی بە پێشنیارەکانم دەدات لەبابەتی مێژوودا . | | | | | |
| 8 | لەکاتی وتنەوەی وانەی مێژوودا مامۆستا شێوازی پرسیارو وەڵام بەکاردێنێ . | | | | | |
| 9 | بیروڕاکانم بۆ هاوپۆلەکانم ڕوون دەکەمەوە لە بابەتی مێژوودا . | | | | | |
| 10 | لەگەڵ هاورێکانم بە هەرەوەزی کاردەکەم بەمەبەستی جێبەجێکردنی ئەرکەکانم . | | | | | |
| 11 | لەگەڵ هاو پۆلەکانم ڕێز لە بیرو ڕای جیاوازی یەکتر دەگرین . | | | | | |
| 12 | لە گەڵ هاوپۆلەکانم سەرچاوەکان ئاڵوگۆڕدەکەین بەمەبەستی ئەنجام دانی چالاکیەکانی پۆل . | | | | | |
| 13 | لەکاتی کارکردن بەشیوازی گروپ لەپۆلدا گیانی هاوکاری هەیە لەنێوان هاوپۆلەکانم . | | | | | |
| 14 | لەگەڵ هاورێکانم بەشێوازی گروپ (تیم) کاردەکەم بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجی فێربوونم . | | | | | |

سێەم : لایەنی ژینگەی فیزیکی

| ژ | بڕگەکان | بەردەوام | زۆرجار | هەندێك جار | بەدەگمەن | هەرگیز |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | لەشوێنی خوم لەناو پۆلدا تەختە بەڕوونی دەبینم . | | | | | |
| 2 | لەگەڵ بەکارهێنانی داتاشۆ لەبابەتی مێژوو بەشێوازێکی باشترلەبابەتەکە دەگەم . | | | | | |
| 3 | شێوازی ڕێکخستنی کورسیەکان لەناو پۆلدا گونجاوە لەگەڵ شێوازی فێربوون دا . | | | | | |
| 4 | شوێنی تایبەت بەخۆم هە یە بۆدانانی کەرەستەکانی خوێندنم لە قوتابخانە دا . | | | | | |
| 5 | شوێنی هۆکارەکانی فێرکردن وەك (داتاشۆ، نەخشە و وێنە ، تەختە) گونجاوە لەگەڵ شێوازەکانی فێربوون دا . | | | | | |
| 6 | هێڵی ئینتەرنێت بەردەستە لە قوتابخانەکەمدا . | | | | | |
| 7 | ڕوناککەرەوەکانی ناو پۆل گونجاوە بۆخوێندنی وانە . | | | | | |
| 8 | پلەی گەرمی ناو پۆل گونجاوە بو خوێندن وسەرنجدانی قوتابی لەبابەتی مێژوو . | | | | | |
| 9 | دەنگەدەنگ و ژاوە ژاوو لەناو پۆلدا نیە . | | | | | |
| 10 | هەست بەخاو بوونەوە ناکەم خەواڵوو نابم لە کاتی وانەی مێژوو چونکە کەش و هەواکە ی ناو پۆل ساف و گونجاوە لەگەڵ وانەکە دا . | | | | | |
| 11 | تەکنەلۆژیا یارمەتیدەرە بە شێوازێکی هەمەجۆر بۆ فێربوونم لە بابەتی مێژوودا. | | | | | |
| 12 | قەبارەی پۆلەکە گونجاوە لەگەڵ ژمارەی قوتابیان . | | | | | |
| 13 | دەتوانم سەرچاوە مێژووییەکان لە کتێبخانەی قوتابخانەدا بدۆزمەوە . | | | | | |
| 14 | باخچەو سەوزایی و شوێنی حەسانەوە هەیە لە قوتابخانەکەم دا . | | | | | |
| 15 | شێوازی ژووری پۆلەکان گونجاوە لەگەڵ قوتابخانەکەم دا. | | | | | |
| 16 | گرینگی دراوە بە شوێنی یاری کردن و وەرزش کردن لە قوتابخانەکەم دا . | | | | | |
| 17 | گرینگی دراوە بەبەکارهێنانی مادده پاککەرەوە کان لەشوێنی دەست شۆردن دا. | | | | | |
| 18 | ڕێگە بە قوتابیان دەدرێت دەست شۆرەکان بەشێوەیەکی سەربەخۆ بەکاربێنن . | | | | | |
| 19 | گۆڕەپانی قوتابخانەکەم گونجاوە لەگەڵ ژمارەی قوتابیان دا . | | | | | |

**پاشکۆی ژمارە (2)**

**ناوی شارەزا و پسپۆران کە توێژەر ڕای وەرگرتوون دەربارەی ڕێکاری توێژینەوە**

| ژ | ناو | نازناوی زانستی | پسپۆری | شوێنی کارکردن |
|---|---|---|---|---|
| 1- | پ .د. حامد مصطفى بلباس | پروفیسور | ڕێگاکانی وانە گوتنەوە | زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر، کۆلێژی پەروەردەی جەستەیی زانستە وەرزشیەکان |
| 2- | پ. د حسين سعدى | پروفیسور | ڕێگاکانی وانە گوتنەوە | زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر، کۆلێژی پەروەردەی جەستەیی زانستە وەرزشیەکان |
| 3- | پ.ی.د فەرهاد علی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | ڕێگاکانی وانە گوتنەوە | زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی شقلاوە |
| 4- | پ.ی.د مقداد حسين طه | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | مێژووی ئیسلامی | زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی |
| 5- | پ.ی.د کامل أسود قادر | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | مێژووی ئیسلامی | زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی |
| 6- | پ.ی.د سلوى أحمد حمد أمين | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | پێوانەو هەڵسەنگاندن | زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی |
| 7- | پ.د بێریڤان عبدالله محمد سعيد المفتى | پرۆفیسۆر | ڕێگاکانی وانە گوتنەوە | زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر، کۆلێژی پەروەردە |
| 8- | پ.ی.د أحمد حمد أمين | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | مێژووی نوێ | زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی |
| 9- | د.تانيا نورالدين | دکتورا | ڕێگاکانی وانە گوتنەوە | زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی |
| 10- | پ.ی.د کاروان کاکە برا کاکەمد | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | دەرونزانی زمانەوانی /بەشی دەرونزانی | زانکۆی سۆران - فاکەلتی ئاداب |
| 11- | پ.ی.دکريم أحمد عزيز | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | ڕێگاکانی وانە گوتنەوە | زانکۆی گەرمیان- کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی |
| 12- | م. سعد طعمه بليل الخفاجي | ماموستا | ڕێگاکانی وانە گوتنەوە/ جوگرافیا | زانکۆی بابل - کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی |
| 13- | پ.ی.د خليل إبراهيم عبد | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | ڕێگاکانی وانە گوتنەوە | زانکۆی بابل - کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی |

**پاشکۆی ژمارە (٣)**

**جێگیری و هاوکۆڵکەی جیاکەرەوە بۆهەر بڕگەیەکی پێوەری ژینگەی فێرکردن**

| ژ | بڕگەکان | هاوکۆڵکەی ألفاکرونباخ بۆ هەربڕگەیەك | هاوکۆڵکەی جیاکەرەوە بۆ هەربڕگەیەك |
|---|---|---|---|
| یەکەم: لایەنی ژینگەی سایکۆلۆژی | | | |
| 1 | بەئاسانی دەتوانم گوێم لە مامۆستاکەم بێت . | .930 | .325 |
| 2 | مامۆستا گرینگی بە هەستەکانم دەدات . | .929 | .412 |
| 3 | بەئاسانی دەتوانم گوێم لەهاو پۆلەکانم بێت . | .930 | .269 |
| 4 | شیکردنەوەو لێکدانەوە بوٚبابەتی مێژوو دەکەم وەك یارمەتیدەرێك بۆ تێگەیشتنم لە بابەتەکە . | .930 | .325 |
| 5 | مامۆستا داوام لیدەکات لەکاتی بەشداربوونم لە وانەی مێژوودا ، بابەتەکە بە نموونە بۆی بسەلمێنم . | .930 | .322 |
| 6 | کنەو پشکنین دەکەم بۆوەلأمدانەوەی ئەو پرسیارانەی ، کەلەکاتی گفتوگۆکردن لە پۆلدا دروست دەبێت . | .930 | .310 |
| 7 | هەرچی لەتوانام دا هەیە ئەنجامی دەدەم بەمەبەستی گەشە پێدانی ئاستی زانستیم لەبابەتی مێژوودا . | .930 | .277 |
| 8 | هەوڵ دەدەم لە ئامانجەکانی بابەتی مێژوو ودەستکەوتەکانی بگەم . | .930 | .291 |
| 9 | بیرو هۆشم لای مامۆستاکەمە ، لە کاتی گووتنەوەی بابەتی مێژوو دا. | .929 | .452 |
| 10 | هەوڵدەدەم لە هاوڕێکانیشم فێربم لەناو پۆلدا . | .929 | .419 |
| 11 | مامۆستا لە کێشەکانم دەگات . | .927 | .578 |
| 12 | مامۆستا ئامۆژگاریم لەڕووی پەروەردەییەوە دەکات بەمەبەستی بەرەو پێشچوونی ئاستی کەسایەتیم . | .928 | .492 |
| دووەم: لایەنی ژینگەی کۆمەڵایەتی | | | |
| ژ | بڕگەکان | | |
| 1 | لەگەل هاورێکانم دەتوانم ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان بکە م لە بابەتی مێژوو لە ناو پۆلدا . | .929 | .420 |
| 2 | مامۆستا وێنەو نەخشە بەکاردێنێت بۆ ڕوونکردنەوەی زانیارییەکان لە بابەتی مێژوو لە ناو پۆلدا . | .929 | .408 |
| 3 | مامۆستا یارمەتیم دەدات کاتێك توشی کێشە دەبم لە تێگەیشتنی بابەتی مێژوو . | .928 | .517 |
| 4 | مامۆستا گفتووگۆم لە گەڵدا دەکات . | .928 | .562 |
| 5 | پرسیارەکانی مامۆستا یارمەتیدەرە بۆتێگەیشتنم لەبابەتی مێژوودا . | .928 | .535 |
| 6 | لەکاتی گفتووگۆکردن لەسەر بابەتی مێژوودا ڕای خۆم دەردەبڕم لەناو پۆلدا . | .929 | .424 |
| 7 | مامۆستا گرینگی بە پێشنیارەکانم دەدات لەبابەتی مێژوودا . | .927 | .613 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 8 | لەکاتی وتنەوەی وانەی مێژوودا مامۆستا شێوازی پرسیارو وەڵام بەکاردێنێ . | .929 | .370 |
| 9 | بیروڕاکانم بۆ هاوپۆلەکانم ڕوون دەکەمەوە لە بابەتی مێژوودا . | .928 | .522 |
| 10 | لەگەڵ هاوڕێکانم بە هەرەوەزی کاردەکەم بەمەبەستی جێبەجێکردنی ئەرکەکانم . | .929 | .462 |
| 11 | لەگەڵ هاو پۆلەکانم ڕێز لە بیرو ڕای جیاوازی یەکتر دەگرین . | .928 | .552 |
| 12 | لە گەڵ هاوپۆلەکانم سەرچاوەکان ئاڵوگۆڕدەکەین بەمەبەستی ئەنجام دانی چالاکیەکانی پۆل . | .929 | .425 |
| 13 | لەکاتی کارکردن بەشیوازی گروپ لەپۆلدا گیانی هاوکاری هەیە لەنێوان هاوپۆلەکانم . | .928 | .526 |
| 14 | لەگەڵ هاوڕێکانم بەشێوازی گروپ (تیم) کاردەکەم بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجی فێربوونم . | .928 | .496 |
| سێەم : لایەنی ژینگەی فیزیکی | | | |
| ژ | بڕگەکان | | |
| 1 | لەشوێنی خوم لەناو پۆلدا تەختە بەڕوونی دەبینم . | .928 | .511 |
| 2 | لەگەڵ بەکارهێنانی داتاشۆ لەبابەتی مێژوو بەشێوازێکی باشترلەبابەتەکە دەگەم . | .930 | .460 |
| 3 | شێوازی ڕێکخستنی کورسیەکان لەناو پۆلدا گونجاوە لەگەڵ شێوازی فێربوون دا . | .928 | .496 |
| 4 | شوێنی تایبەت بەخۆم هە یە بۆدانانی کەرەستەکانی خوێندنم لە قوتابخانە دا . | .930 | .361 |
| 5 | شوێنی هۆکارەکانی فێرکردن وەك (داتاشۆ، نەخشە و وێنە ، تەختە) گونجاوە لەگەڵ شێوازەکانی فێربوون دا . | .928 | .523 |
| 6 | هێڵی ئینتەرنێت بەردەستە لە قوتابخانەکەمدا . | .931 | .373 |
| 7 | ڕوناککەرەوەکانی ناو پۆل گونجاوە بۆخوێندنی وانە . | .927 | .632 |
| 8 | پلەی گەرمی ناو پۆل گونجاوە بو خوێندن وسەرنجدانی قوتابی لەبابەتی مێژوو . | .928 | .532 |
| 9 | دەنگەدەنگ و ژاوە ژاوو لەناو پۆلدا نیە . | .929 | .411 |
| 10 | هەست بەخاو بوونەوە ناکەم خەواڵوو نابم لە کاتی وانەی  مێژوو جونکە کەش و هەواکە ی ناو پۆل ساف و گونجاوە لەگەڵ وانەکە دا . | .928 | .567 |
| 11 | تەکنەلۆژیا یارمەتیدەرە بە شێوازێکی هەمەجۆر بۆ فێربوونم لە بابەتی مێژوودا. | .928 | .531 |
| 12 | قەبارەی پۆلەکە گونجاوە لەگەڵ ژمارەی قوتابیان . | .928 | .494 |
| 13 | دەتوانم سەرچاوە مێژووییەکان لە کتێبخانەی قوتابخانەدا بدۆزمەوە . | .928 | .512 |
| 14 | باخچەو سەوزایی و شوێنی حەسانەوە هەیە لە قوتابخانەکەم دا . | .927 | .570 |
| 15 | شێوازی ژووری پۆلەکان گونجاوە لەگەڵ  قوتابخانەکەم دا. | .927 | .615 |
| 16 | گرینگی دراوە بە شوێنی یاری کردن و وەرزش کردن لە قوتابخانەکەم دا . | .928 | .567 |
| 17 | گرینگی دراوە بەبەکارهێنانی ماددە پاککەرەوە کان لەشوێنی دەست شۆردن دا. | .927 | .615 |
| 18 | ڕێگە بە قوتابیان دەدرێت دەست شۆرەکان بەشێوەیەکی سەربەخۆ بەکاربێنن . | .929 | .450 |
| 19 | گۆڕەپانی قوتابخانەکەم گونجاوە لەگەڵ ژمارەی قوتابیان دا . | .928 | .513 |

**البيئة التعليمية للصف الثامن الأساسي في المدارس الحكومية والأهلية بمركز محافظة الأربيل**


**هلز عنتر ولي**
قسم العلوم الأجتماعية، كلية التربية الأساس، جامعة صلاح الدين-هولير
Halliz.walle@su.edu.krd

**سروين يونس عثمان**
قسم العلوم الأجتماعية، كلية التربية الأساس، جامعة صلاح الدين-هولير
sarween.othman@su.edu.krd



**ملخص**

يهدف البحث إلى معرفة البيئة التعليمية للصف الثامن الأساسي في المدارس الحكومية وغير الحكومية (الأهلية ) في مركز محافظة أربيل وبيان الفرق بينهما ، أما فيما يخص المنهج المتبع فقد أعتمد الباحث المنهج الوصفي التحليلي للبحث . أما المجتمع البحث فهي عبارة عن الطلاب الصف الثامن الأساسي في المدارس الحكومية والغير الحكومية في مركز مدينة أربيل للسنة الدراسية (2021-2022) . والعينة الاصلية أخترت بشكل عشوائي وهي عبارة عن (200) طالب ، (100)طالب للمدارس الحكومية و (100) طالب للمدارس الغير حكومية ، وللحصول على النتائج المطلوبة في البحث أستخدم الباحث أداة البيئةالتعليمية والتي تتكون من (45) فقرة ، مكونة ثلاث جوانب وهي (البيئة الفسيولوجية ، البيئة الأجتماعية ، البيئة الفيزيائية، وبعد جمع البيانات وتحليلها بأستخدام برنامج (spss) توصل الباحث للنتائج الآتية :-

هناك فرق ذو دلالة إحصائية بمستوى (0.05) في البيئة التعليمية بين المدارس الحكومية والغير الحكومية في المركز مدينة أربيل والفرق لصالح المدارس غير الحكوميية (الأهلية).

وفي نهاية الدراسة وفي ضوء النتائج قدم الباحث بعض التوصيات :

1- من المهم توفير الضروريات وأسباب التدريس مثل توفير (الإنترنت، عرض البيانات، الخريطة المضيئة، التنسيق التاريخي) في المدارس الحكومية وغير الحكومية.
2- ضرورة الاهتمام ببيئة التعليم في المدارس الحكومية وغير الحكومية بما في ذلك الاحتياجات في المدرسة من استادات حديثة ومختبرات ومدارس وبناء المنطقة الخضراء وتوفير أماكن الاستراحة للطلاب في المدرسة الحكومية.



**كلمات دالة:** البيئة التعليمية ،المدرسة ، البيئة الأجتماعية ، مقارنة ، البيئة الف


**The Teachig Environment in Level Eight Basic Classes at Public and Private Schools in Erbil City Center (Investigation and Contrustive Study)**


**Halliz Antar Walle**
Department of Social scince, college of basic, Education, Salahaddin University-Erbil
Halliz.walle@su.edu.krd

**Sarween Younis Othma**
Department of Social scince, college of basic, Education, Salahaddin University-Erbil
sarween.othman@su.edu.krd



**Abstrac**

the study is aimed at The Teachig Environment in Level Eight Basic Classes at Public and Private Schools in Erbil City Center (Investigation and Contrustive Study) the researcher has followed the descriptive method in her research, and the research population consists of eighth grade students in public and private schools in the center of Erbil for the academic year (2022-2021), The sample of the study has randomly been selected from public and private schools. The overall number of the sample comprises 200 subjects, 100 students from public schools and 100 students from private schools.To achieve the objectives of the study, a close–ended questionnaire has been used,it is a teaching environment scale which consists of 45 items and is divided into three dimensions: physiological environment, social environment and physical environment, After collecting the data and analyzing them by using SPSS programme, the researcher reached the following conclusions: There is a statistically significant difference at (0.05) in the teaching environment between public and private schools at Erbil city center and the difference is in favour of schools .

At the end of the study in light of the results, the researcher presented some recommendations:

1. It is important to provide the necessities and reasons for teaching as providing (internet, data show, illuminating map, historical co-ordination) in the government and non-governmental schools.
2. It is necessary to pay attention to the environment of education in the government and non-governmental schools, including the needs in the school such as modern stadiums, laboratories and schools, the construction of the green area and the provision of students' places in the government school



**Keywords:** Teaching environment, school, Social environment, Contrustive Study, Physical environment.